# ڕێککەوتنی PKK و PDK و YNK ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە؟!



**ئەحمەد ئەنوەر**

ahmedenwer@yahoo.com

**لە دواچارەکی سەدەی بیستەم، نەخاسمە لە 1991ەوە PKK و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو سێ هێزی سیاسی و سەربازی و جەماوەری لە گۆڕەپانی کوردستاندا ئامادەن. ئەو سێ هێزە لە 14 ساڵی رابردوو بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێش ئەوە لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشەیان کردووە و باڵاتر بوون، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان لە باڵابوونی ئەو هێزانە چاوەڕێی زیاتر بەرەوپێشەوە چوونی کێشە کورد و گەیشتنە چارەسەریەکی عادیلانە بوون، کەچی 14 ساڵی رابردوو پێمان دەڵێ کە ئەگەر دیوێکی بەهێزبوونی ئەو 3 پارتە مەسەلەیەکی پۆزەتیف و بایەخداربێت بۆ خەباتی گەلی کوردستان، ئەوا دیوەکەی تری نێگەتیف و ترسناك بووە بۆ چارەنووسی ئەو گەل و وڵاتە کە هەر سێ لایان بۆ بەرگریکردن لێی دامەزراون و رەوایەتی مانەوەشیان لەوەوە وەردەگرن.**

**لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بلۆکی رۆژهەڵاتی سۆسیالیست لە بەریەك هەڵوەشایەوە، دنیای دووجەمسەری کۆتایی هات، هاوسەنگییە سیاسییەکان گۆڕانی زۆریان بەسەردا هات. وڵاتە دۆستەکانی بلۆکی رۆژهەڵات وەکو پولی دۆمینە یەك بە دوای یەکدا دەکەوتن. ئەم رەوشە نوێیە وەها رەوشێك بوو کە چوار وڵاتە دەسەڵاتدارەکەی سەر کوردستان شیمانەیان نەدەکرد و هەرگیز نەیاندەویست ئەو گۆڕانە روو بدات، چونکە ئەوان هێزی خۆیان ـ نەك لە گەلانی خۆیان ـ بەڵکو لەو هاوسەنگییەی نێوان هەردوو جەمسەرەکە وەردەگرت، کە جەمسەرێك رووخا ئەوان بێ پشت و پەنا مانەوە و تاوەکو ئێستاش نازانن چۆن لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە خۆیان بگونجێنن.**

**هەرچی تایبەتە بە دۆزی کوردیش، بە شەڕی کەنداوی 1991 و لێدانی سەددام رەوشێکی نوێ هاتە کایەوە. دوای راپەڕین و کۆڕەو و راگەیاندنی ناوچەی ئارام هەلومەرجێکی نوێ پەیدا بوو. ئیدی بەشێکی وڵات کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی. راپەڕینی گەلی باشووری کوردستان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری زۆری کردە سەر باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان. PKK بەو پێیەی کە ئەوکاتە تاکە هێزی سەربازی و سیاسی باکوور و رۆژئاوای وڵات بوو، ئەم هەلەی قۆزتەوە و بە خێرای گەشەی کرد و لەڕووی چۆنایەتی و چەندایەتی پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە بینی، بەڵام مەترسی ئەوکاتە دەستی پێکرد کە ئەو سێ هێزە لە روانگەیەکی بابەتی و نەتەوەییانە ئەو گۆڕانکارییانەیان نەخوێندەوە و جیهانی دوای شەڕی ساردیان باش هەڵنەسەنگاند. لە جیاتی کارکردن بۆ بەدیهێنانی گوتارێکی کوردستانییانە و لێك نزیك کردنەوەی توانستی هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەتیش هی باکوور و باشوور، ئەقڵیەتی حزبایەتی تەسك قووڵ کرایەوە، بەرژەوەندی حزبی جێگەی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی نەهێشتەوە. لە ساڵی 1992 یەکێتی و پارتی زەمینەیان بۆ بەرپاکردنی شەڕ دژ بە PKK خۆش کرد، PKKش بە تێڕوانینە چەپگریە توندەکانی ئاوەکەی بردەوە سەر ئاشەکەی یەکێتی و پارتی و شەڕەکە هەڵگیرسا. لە 1994 ئەمجارە یەکێتی و پارتی خۆبەخۆ بەربوونە گیانی یەکتر، ئیدی ئەم شەڕە نێوخۆیانە تا 2000 درێژەی کێشا.**

له 5 ساڵی رابردوو هەم پەیوەندی یەکێتی و پارتی لەگەڵ یەکتر و هەم پەیوەندیشیان لەگەڵ PKK گۆڕانی پۆزەتیفی بەخۆوە دیوە بە بەراورد لەگەڵ رابردوو، بەڵام هێشتا برین و شوێنەوارەکانی ئەو شەڕانە بە تەواوی سارێژ نەکراون. بۆ نمونە لەگەڵ ئەوەی یەکێتی و پارتی لە ئاست بەغدا هاو هەڵوێست و یەك سەنگەرن، وەلێ تاوەکو ئێستا ئەو متمانەیە دروست نەبووە کە هەردوو ئیدارەکە یەك بخەنەوە و حکومەتی یەکگرتوو سازبکەن. لەگەڵ PKK شدا لەگەڵ ئەوەی ئەو دوژمنایەتییەی جاران نەماوە، بەڵام دۆستایەتییەکی جددیش جێگەی باس نییە.

یەکێتی و پارتی ساڵانی رابردوو کە باسیان لە ململانێی و دووبەرەکی خۆیان کرد لەگەڵ PKK دەیانگوت:" PKK حزبێکی دیکتاتۆر و پاوانخوازە و نایەوێ یەك حزبی کوردی هەبێت، ئەو هاتووە دەست لە کاروباری هەرێمی کوردستان وەردەدات. بۆیە ئێمە بە ناچاری تووشی شەڕی PKK بوین، ئەگەرنا ئێمە هیچ هەقمان بەسەریەوە نییە". گریمان ئەمە هەڵسەنگاندنێکی راست و بابەتییە، بەڵام دەبێ یەکێتی و پارتی بۆ خەڵکی کوردستانی روون بکەنەوە: ئەی بۆچی ئەوان لەگەڵ یەکتر کۆتایی بە کێشە و ململانێیەکانیان ناهێنن و حکومەتێکی یەکگرتوو ساز ناکەن؟!

PKK ش لە لایەن خۆیەوە گوتویەتی کە "ئەو بڕوای بە سنووری نێوان پارچەکانی کوردستان نییە و لە هەموو بەشێك بە مافی خۆی دەزانێ خەبات بکات و، یەکێتی و پارتی ناچاری شەڕیان کردووە ئەو لە حاڵەتی بەرگریدا بووە".

ئەگەر ئێمە بۆ ئەدەبیاتی هەر سێ حزبەکە بگەڕێینەوە، ئەوا هەر یەکەیان کۆمەڵێك پاساو و بیانوی هەیە، بەڵام کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە کە هەر سێ لایان ئەقڵیەتی پارتی پێشڕەوی بەلشەفی، تیۆری حزبی قائید و کاریزمای سەرۆکایەتیان هەیە، هەر یەك لەوان خۆی بە خاوەنی راستەقینە و رەهای کوردستان دەزانێ و ئامادە نییە دەستبەرداری ببێت، وەلێ ئەمە زیاتر بەسەر PKK دا شکاوەتەوە، چونکە ئەو حزبە تاوەکو 2002 حزبێکی مارکسی ـ لنینی بووە و ئەمەش بە ئاشکرا لە بەرنامەکەیدا رەنگی داوەتەوە. وەکو سەرۆکی PKK بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆج ئالان لە بەرگرینامەکەی بۆ دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا بە ناوی "لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراتیانە" باسی لێوە کردووە؛ "PKK حزبێکە لە روانگەیەکی چینایەتییەوە سەیری جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەی کوردستان و کۆمەڵگای کوردی کردووە و بەرنامەی خۆی داڕشتووە." ئەو پێهەڵگرتنە چینایەتییەی PKK کە خۆی بە نوێنەری چینی چەوساوە و زەحمەتکێشی کوردستان دادەنێت، والێکردووە چینەکانی تر بە کۆنەپەرست، خۆپەرست و داردەستی بێگانە دابنێ. ئەمەش لەگەڵ حزبەکانی دیکە، بە تایبەتی لەگەڵ یەکێتی و پارتی کێشەی زۆری بۆ دروست بێ، ئەمە پرسێکە و قسەی زۆری دەوێ، وەلێ من لێرە رادەوەستم و دێمە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە PKK لە 5 ساڵی رابردوو ئەنجامی داوە، PKK ی جاران باوەڕی بە شۆڕشی چینایەتی، پارتی پێشڕەو، شۆڕشی رزگاری نیشتمانی بە پێشەنگایەتی کرێکار و جوتیاران و سازکردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا هەبوو، زەبروزەنگی شۆڕشگێڕی و پەیڕەوکردنی شەڕی گەلی درێژخایەنی دەکردە ستراتیژ بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، وەلێ ئەو حزبە لە 5 ساڵی رابردوو دەستبەرداری ئەو روئیا و شێوازی بیرکردنەوە و خەبات کردنە بووە. ئەوانەی هەردوو بەرگرینامەکەی بەڕێز "ئۆج ئالان"یان خوێندبێتەوە "لە دەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراتیانە" و "بەرگری کردن لە گەلێك"، بە ئاشکرا هەست بەو گۆڕانانە دەکات، گرنگترین گۆڕانکاری ئەمانەن:

1. PKK وازی لە پارتی چەپی کلاسیك، واتە پارتی پێشڕەو هێناوە، لە جیاتی ئەوە "کۆنگرەی گەلی کوردستان"ی داهێناوە.

2. PKK وازی لە دیدە چینایەتییەکەی مارکس ـ لینین هێناوە. ئێستا هێڵی ئایدیۆلۆژی خۆی بە هێڵی " دیموکراتی ـ ژینگەپارێزی و ئازادی رەگەزی" پێناسە دەکات. ئێستا لە دیدی PKK کرێکار و جوتیار و زەحمەتکێش پێشەنگ نین، بەڵکو ژنان و لاوان پێشڕەوی بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و ژینگەپارێزن.

3. PKK بڕاوی بەوە نەماوە کە زەبروزەنگ چارەسەری کێشەکان دەکات، لە جیاتی ئەوە خەباتی سیاسی ـ جەماوەری بە بنەما دەگرێت و هێزە سەربازیەکەشی تەنیا بۆ حاڵەتی بەرگری کردنە.

4.PKK لە رابردوو خۆی بە نوێنەری پرۆلیتاریای کوردستان دەزانی و رك و كینی بەرامبەر فیۆداڵ، وردەبۆرژوا و بۆرژوا هەبوو، بەڵام ئێستا جەخت لەسەر کۆمەڵگای سروشتی دەکاتەوە و دەڵێ نەزعە و شێوە ژیانی خێڵایەتی لە کوردستان مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە. هەر ئەو شێوە ژیانەی هۆزایەتی بووە کە بۆتە مایەی پاراستنی ناسنامە و کولتووری گەلی کوردستان، بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ بەشی یەکەم پەرتووکی "بەگریکردن لە گەلێك ـ عەبدوللا ئۆج ئالان".

5. PKK جاران ستراتیژی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتووی هەبوو، بە پێی ئەوەش دەوڵەتی کوردی ساز دەکرد و هەر خۆشی بەڕێوەی دەبرد، هاوشێوەی چین و روسیا و.... بەڵام ئێستا پرۆژەی کۆنفدرالیزمی دیموکراتی کوردستانی هەیە، ئەویش لەوەدا کورت دەبێتەوە کە گەلی کوردستان لە هەر بەشێك بە شێوەیەکی دیموکراتیانە کێشەی خۆی لەو وڵاتە چارەسەر بکات، بەڵام لە رێگەی سازکردنی کۆنگرەی گەلی کوردستان ئەو پارچانە پێکەوە ببەسترێنەوە و لە هەموو بوارەکانی ژیان لە نێو هەماهەنگیدا بن ـ ئەم مۆدێلە تاڕادەیەك لە مۆدێلی یەکێتی ئەوروپا، یەکێتی ئەفریقیا، یەکێتی وڵاتانی عەرەبی ـ نزیکە.

6. لە هەمووشی گرنگتر، PKK لەمەودوا خۆی نایەوێ دەسەڵات بگرێتە دەست و، دەوڵەتی حزب دروست ناکات، بەڵکو دەیەوێ خەڵکی کوردستان لە گەڕەك، گوند، شار و شارۆچکەکان هەر ساڵێك لە رێگەی میکانیزمێکی تایبەتەوە راستەوخۆ نوێنەری گەڕەك، گوند، شارۆچکە و شار هەڵبژێرن و لە هەر پارچەیەك کۆبوونەوەی ئەو نوێنەرانە دەبێتە پەرلەمان، (کۆنگرەی) ئەو پارچەیەی کوردستان و هی هەموو پارچەکانیش پێکەوە بێتە. کۆنگرەی گەلی کوردستان ـ بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ پەیمانی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کوردستان (KKK).

ئەو خاڵانەی باسم کرد، گرنگترین تەوەرەکانی ئەو گۆڕانکارییە ستراتیژیەن کە بەڕێز ئۆج ئالان لەو 5 ساڵەدا لە زیندان پێشنیاری کردووە و لە لایەن سەرکردایەتی و کادیرانی PKKش پەسند کراوە. ئیدی کۆنگرەی گەلی کوردستان و کۆما کۆمەڵێن کوردستان (کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کوردستان (KKK)) بەرهەمی ئەو گۆڕانکاریانەن.

کەچی لێرە هەندێ هێز و ناوەند وەکو لاوازی PKK و هەڵوەشانەوە و نەمانی لێکی دەدەنەوە! لە جیاتی ئەوەی ئەو گۆڕانکاریانە بەجددی وەربگرن و لە PKK تێبگەن و بە پێی ئەوەش رەفتاری لەگەڵدا بکەین، لێرە و لەوێ خەڵکانی نغرۆ لە لۆژیك و ئەقڵیەتی حزبی و کەسانی خۆپەرست ناو و ناتۆرەی ناشیرین بۆ ئۆج ئالان و PKK دەهۆنەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ژەنراڵەکانی تورکیا کە دوژمنی سەرسەختی PKK و "ئۆج ئالان"ن زاتی ئەوە ناکەن قسەی وا بکەن، چونکە دەزانن ئەوەی "ئۆج ئالان" کردویەتی تەسلیم بوون نییە، بەڵکو زیندووکردنەوەی گیان و هزری تێکۆشانی خەڵکی کوردستانە بە تایبەتیش لە باکووری کوردستان. هەڵبەتە من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ئەو گۆڕانکارییانەی PKK کردویەتی هەمووی راستن و مایەی گفتوگۆ نین. رەنگە بۆ PKK و بەڕێز ئۆج ئالان وەکو ئایەتی قورئان پیرۆز بێ، بەڵام بۆ خەڵکیتر بەو شێوەیە نەبێ. ئەمەش زۆر ئاساییە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە کە PKK ی ئێستا( کۆنگرەی گەل) PKKی ساڵانی 90 نییە.

سەرۆکایەتیPKK لە دووساڵی رابردوو بەردەوام جەخت لەسەر بەستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بۆ هەرچوارپارچەی کوردستان دەکاتەوە، لە لایەکی دیکە هەڵوێستێکی پۆزەتیفی لە ئاست پێشکەوتنەکانی باشووری کوردستان و ئێراق نواندووە. بەردەوام دەستی برایەتی بۆ سەرجەم حزبەکان بە تایبەتیش بۆ یەکێتی و پارتی درێژ کردووە. باشە لەوە زیاتر ئەو حزبانە داوای چی لە PKK دەکەن؟! ئەگەر ئەوان داوایەکیان کردووە و PKK رەتی کردۆتەوە بۆچی ئاشکرای ناکەن؟ ئەگەر PKK کێشەی بۆ دروست کردوون بۆ نایخەنە روو؟ ئەگەر نا ئەو هەموو بوغزاندن و بە خائین و تیرۆریست لە قەڵەمدان لە پای چی؟

بێگومان ئێمە کاتێك باسی ئەو راستیانە دەکەین، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەڵوێست و لێدوانەکانی ئەم دواییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی بکەین، بەڕێزی لە سەردانەکەی بۆ ئەمریکا و کاتێك چەند جارێك لە لایەن رۆژنامەوانەکانی تورکیا پرسیاری لێکرا کە ئەو PKK بە تیرۆریست دادەنێ؟ سەرۆکی هەرێم یان وەڵامی پرسیارەکەی نەدەدایەوە، یانیش دەیگوت لە تورکیا کێشەی کورد هەیە و ئێمە لەگەڵ چارەسەرییەکی سیاسیانەدایین. هەروەها لە وتارەکەی لە پەرلەمانی کوردستان جەختی لەسەر هەمان شت کردەوە و رایگەیاند کە پرسی PKK بەرهەمی کێشەی کوردە و ئەو کێشەیەش دەبێ بە سیاسیانە چارەسەر بکرێت، هەروەها دووپاتی کردەوە کە بەشەڕ کۆتایی بە PKK نایەت، ئەگەر PKK ش نەمێنێ، حزبێکی دیکە دروست دەبێ. بێگومان ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێم، هەڵوێستێکی نەتەوەیی و بایەخدارە، چونکە دەبێ وڵاتانی دەسەڵاتداری کوردستان (ئێران، تورکیا و سوریا) دەست لەو لۆژیکە هەڵگرن کە بەردەوام تێکۆشانی گەلی کوردستان بە تیرۆر و گێرەشێوێنی وەسف دەکەن. ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێم بە واتای مەحکومکردنی ئەو لۆژیکە دێت و مایەی دڵخۆشی خەڵکی کوردە لە هەر چوار بەشی وڵاتەکەمان.

بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرۆکی کۆماری ئێراقیش لە کاتی هەڵبژاردن لە دیمانەیەکی لەگەڵ تەلەفزیۆنێکی تورکی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە تورکیا بەدوای چارەسەری سیاسیدا بگەڕێ و لێخۆشبوون بۆ گەریلاکانی PKK دەربخات. ئەگەر هەموو ئەمانە کۆ بکەینەوە سەر یەك ئەوا دەتوانین ئاکامێکی ئومێد بەخش و پۆزەتیفی لێ دەربخەین، وەلێ ئەوەی تا ئێستا هەیە تەنیا هەڵوێست و لێدوانە و هیچ هەنگاوی عەمەلیمان لێ دیار نییە!

دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی بەسەر جیهان و رۆژهەڵاتی ناویندا هاتووە، ئێراق سەرلەنوێ بونیاد دەنرێتەوە. ئێران و سوریا لە ژێر فشاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتین و، تورکیاش ناچارە گۆڕانکاری ئەنجام بدات؛ هەڵە و تاوانێکی مەزنە ئەو سێ حزبە سەرەکییەی کوردستان (یەکێتی و پارتی و PKK بە پێی پێویستی ئەم رەوشە نوێیە بەخۆدا نەچنەوە و جۆرێك لە هەماهەنگی نەتەوەیی پەرە پێ نەدەن. ئەگەر ئێستا نەیکەن، ئەدی بەتەمای چین؟

بەڕای من چیتر پێویست بەوە ناکات PKK لەگەڵ یەکێتی و پارتی، ئەوان لەگەڵ PKK و یەکێتی و پارتی خۆ بەخۆ لابەلا یەکتر بدوێنن، یان یەکێکیان چاوەڕێی ئەوە بێت کوردستان هەمووی بۆ ئەو بێت، کە ئەمە نە شیاوە و لە رابردووش تاقیکراوەتەوە. بەرژەوەندی گەلی کوردستان لە هەموو بەشەکان، هەروەها بەرژەوەندی خودی ئەو سێ حزبەش ئەوەیە لاپەڕەیەکی نوێ بکەنەوە و، کار بۆ پەرەپێدانی گوتار و کارنامەیەکی کوردستانی بکەن. ئەگەر هەنگاوێکی بەمجۆرە بنێن لەو باوەڕەدام بەشی زۆری خەڵکی کوردستان پشتگیریان لێدەکەن و کورد دەبێتە هێزێك کە بتوانێ لەو رەوشەی ئێستای هەرێمەکە سوود وەربگرێ و مافە رەواکانی بەدەست بێنێ. ئەگەرنا بەو پەرتەوازەییەی ئێستا رەنگە وەکو ساڵانی بیستی سەدەی رابردوو هەنگاو بە هەنگاو دوژمنانمان خەباتی گەلی کورد لاواز بکەن و ئەگەر وەکو رابردووش لە نێومان نەبەن، ئەوا هەر هیچ

نەبێ لە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانمان بێبەشمان دەکەن. بوێری و دڵسۆزی هەر یەك لەو سێ حزبە لەوەدایە کە بەرژەوەندی نەتەوەیی بخاتە پێش هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە و دەستپێشخەری بکات و لایەنەکانی دیکە بۆ ئەو هەنگاوە مێژووییە هانبدات. ئەگەر نا گێڕانەوەی حیکایەتی شاخ، داستانەکانی پێشمەرگە و عەبقەریەتی سەرۆکەکان چیتر نەبە کەڵکی ئەوان دێت نەبە ئێمەش.